HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

هێلین

یەکێتی ئافرەتان لە شەست و هەشتەمین ساڵیادی دامەزراندنیدا

د.ڤیان سلێمان

ئەمڕۆ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان مۆمی ٦٨ ساڵەی لەدایکبوونی دادەگیرسێنێت. شەست و هەشت ساڵ لەمەوپێش ئەم ڕێکخراوە چووە پاڵ کاروانی بزووتنەوەی ئافرەتانی جیهان لەلایەک و بزاڤی ئازادیخوازی گەلەکەی لەلایەکی دیکە. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە دڵی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هاتۆتە بوون و ڕێکخراوێکە شانازی ئەوەی پێ دەبڕێ کە بەشداری شۆڕش و خەباتی ڕزگاری گەلەکەی کردووە و ڕۆڵی هەبووە لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لە نێو ئافرەتان؛ هەروەها ڕێکخستنی ئافرەتان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان بە ئامانجی دەستەبەربوونی یەکسانی، بەوپێیەش هاتنە دەرەوەی ئافرەت و ئامادەیی لە بواری گشتی و خۆڕێکخستنی لە فۆرمی ڕێکخراوەییدا.

لەو سەردەمەی کە ئەم ڕێکخراوە دامەزراوە زۆر قورس بووە بۆ ئافرەت کە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بکات لە کۆمەڵگەیەکی نەریتپارێزی پیاوسالار لە سنوورێکی جوگرافی داگیرکراو و دەورەدراو بە وڵاتانی داگیرکار کە کەمترین بڕوایان بە مافی گەلان و دیموکراسی نەبووە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بکەین بەو ڕوانگەیەی لەوەها سەردەم و هەلومەرجێکدا هزری ئەوەی کرد ئەو بزاڤە ئازادیخوازە بەبێ بەشداری و هاوبەشی ئافرەت ناچڵ و ناتەواوە، هەربۆیە زەمینەی بەشداری ئافرەتی ڕەخساند. لێرەوە درود بۆ ڕۆحی ڕابەری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بارزانی نەمر کە لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەی ئەو ڕابەرە مێژووییە ئەم ڕێکخراوە دامەزرا.

هەرلێرەدا پێویستە بە گرنگییەوە باس لە ڕۆڵی ئەو پێشەنگانەی کە لەو سەردەمەدا دڕیان بە شەوەزەنگی ترسی داگیرکەر و ستەمی کۆمەڵایەتی دا و هاتنە نێو کۆڕی تێکۆشانی یەکسانی مرۆڤایەتی و ئازادی نەتەوەیی بکەین. مێژووی یەکێتی ئافرەتان پرشنگدارە بە ناوی سەدان ئافرەتی ئازا و ئازاد؛ کە بە بوێری و ڕۆحی ئازادییان ڕێچکەی داب و نەریتی کۆنەپارێز و هزری نزمڕوانین لە ڕۆڵ و توانای ئافرەتیان شکاند و بوون بە سەرمەشقی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ئافرەتانی کوردستان؛ هەربۆیە پێویستە لە ئاست سەرچڵی و ئازاییان ڕێز بنوێنین.

دوای ئەو ماوە دوورودرێژە و تا ئێستاش؛ یەکێتی ئافرەتان ڕێکخراوی جێ متمانەی زۆرترین ئافرەتانی کوردستانە. ڕێکخراوی ڕەنگدانەوەی فرەیی و پلۆرالی هەرێمی کوردستانە بە گشت نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، یەکێتی ئافرەتان شانازی بەوە دەکات کە ئافرەتانی گشت پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان ئەم ڕێکخراوەیان بە نوێنەر و شوێنی گونجاوی خەباتکردنیان زانیوە. لایەنێکی دیکەی درەوشاوەی کار و گوتاری ئەم ڕێکخراوە و دەرکەوتنی وەک ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافی سەرجەم ئافرەتانی کوردستان و ڕەنگە هەر ئەوەش لە زۆر لە ڕێکخراوەکانی دیکە جیای بکاتەوە، ئەوەیە؛ کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان داکۆکیکاری بێ ئەملاو ئەولا و ڕاستەقینەی مافی ئافرەتە و پرسی ئافرەتی لەخۆگرتووە بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی بیروڕای سیاسی و ئایدۆلۆژیا. خاوەنداری لە کێشەی هەر ئافرەتێکی کوردستانی لەهەر ڕووبەرێکی جوگرافی و سەر بە هەر بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەک بێت، کردووە.

یەکێتی ئافرەتان، ڕوانگەی بۆ پرسی ئافرەت و گوتاری ڕێکخراوەیی لەسەر بنەمای تێکۆشان بۆ یەکسانی ئاڕاستە دەکا، بە تەواوی خۆی بەدوور دەگرێ لە بانگەشەی توندوتیژی و چاندنی ڕق لە ڕەگەزەکەی دیکە، بیری پیاوسالاری بە سەرچاوەی ستەمی سەر ئافرەت دەزانێ نەوەک پیاو، هاوکات لەگەڵ ئەوە نییە تەنها لایەنێکی پرسی ئافرەت ببینرێ و بەردەوام وەک قوربانی پیشان بدرێ، بەوپێیەش بە دەسکەوتەکان شانازی دەکا هاوکات چاوی لە ئاست کەموکورتییەکانیش داناخات و هەمیشە داکۆکیکاری سەرڕاست و سەرسەختی پرسی ئافرەتە.

لەڕوانگەی هزری مرۆڤدۆستی و دیدی ئافرەتانە لە فاکتەرە ئابووری و فکری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دروستبوونی پلەبەندی ڕەگەزی دەکۆڵێتەوە و لەژێر ڕۆشنایی چەمکە ئینسانی و هاوچەرخ و ئایدیا پێشکەوتووەکان بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی کوردستانیانە؛ خوێندنەوەی بۆ فاکتەرە ئاماژە بۆکراوەکان هەیە و میکانیزمی گۆڕین و کار لەسەر کردنیان لە بەرنامەی کاری خۆی بە گرنگ دادەنێ.

لە دیدی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە پرسی ئافرەت و پرسی ڕزگاری نەتەوەیی پرسێکی هاوئاست و هاوتەریبە و لە خەبات بۆ ڕزگاری دەبێت ئەو دوو پرسە بە یەکسانی ئاڕاستەبکرێن و یەکێکیان پێشی ئەوی دیکەیان نەخرێت. پێویستە ئافرەت هاوبەشێکی سەرەکی و یەکسان بێت لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و سەرجەم دەسەڵاتەکان و گشت بوارەکان و سیاسەتی یەکسانی جێندەری بە تەواوی لە سەرجەم جومگەکان ڕەنگ بداتەوە و بچەسپێنرێ.

گۆڕینی ڕوانگە و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی دەربارەی ڕۆڵ و توانای ئافرەت لە ئەرکە هەرە لە پێشینەکانی ڕێکخراوەکەمانە و بڕوای تەواومان بەوە هەیە کە تا ڕوانگە و دیدگای کۆمەڵایەتی بۆ ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت نەگۆڕێت لە ڕوانگەیەکی ڕەگەزگەرای پیاوسالار بەرەو ڕوانگەی مرۆڤدۆستانە و بەگرنگدانانی توانا و وزەی ئافرەت وەک هاوبەش؛ ئەستەمە کە گۆڕانکاری لە پێگەدا دروست بێت.

توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت لە زۆر فۆرمدا و لەناو بەشێکی سەرەکی لە پانتایی کۆمەڵایەتی و لەنێو زۆرێک لەو چەمکانەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان پێک دەهێنن؛ بوونی هەیە و بەبێ گۆڕانکاری لەو چەمکانە هاوکات لەو تێڕوانینەی لە هزری پیاودا بۆ ئەو تێگەیشتنانە دروست بووە؛ ئەستەمە بتوانرێ ئاستی توندوتیژی و کوشتنی ئافرەت بە پاساوی پاراستنی شەرەف کەم بکرێتەوە و نەهێڵدرێ، بێگومان بە پاڵپشتی یاسایەکی توند و هەمەلایەن کە خوێندنەوەی بۆ سەرجەم بوار و فۆرمەکانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت کردبێت، هەموو ئەوانەش بە پاڵپشتی ڕاگەیاندنێک کە کۆمەڵگە بخاتە ژێرکاریگەری هزری مرۆڤدۆستانە بەئاڕاستەی چاکسازی کۆمەڵایەتی و ڕۆنانی پەیوەندییەکی مرۆڤانە لە نێوان هەردوو ڕەگەز.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەو ڕوانگە و لەو گۆشەنیگایانەوە لە پرسی ئافرەت دەڕوانێت کە لە سەرەوە ئاماژەمان پیکرد و بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان لە ئەرک و دەرفەت و بەرپرسیاریەتی و پەیوەندییەکی مرۆڤانەی دوور لە هزر و هەژمونی ڕەگەزی و بەشدارییەکی یەکسانی ئافرەت لە هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگە و تەوەرەکانی ژیان؛ بەرنامەکانی خۆی بەردەوامی پێ دەدات ئەوەش بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و دروستکردنی فشار بۆ جێگیرکردنی دید و ڕوانگەمان بۆ پرسی ئافرەت.

لە گەرمیان ئافرەتان لەبەرامبەر توندوتیژییەکان بێدەنگی هەڵدەبژێرن

دەڤەری گەرمیانیش بەهەمان شێوەی شارو شارۆچکەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی جیهان بێ بەش نیە لە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان بە تایبەت توندوتیژی دەرونی و ئابوری وجەستەیی کە لەلایەن تاکەکانی خێزانەوە بەرانبە ریان ئەنجام دەدرێت.

سەبارەت بە ئامارەکانی توندوتیژی لە گەرمیان کە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان وخێزان وەرگیراوە بۆ ٢٠١٩ و ساڵی ٢٠٢٠ بەم شێوەیە بووە:

کوشتن، خۆکوشتن و خۆسووتاندن نەبووە، بەڵام توندوتیژی سێکسی ٨ حاڵەت تۆمار کراوە و ٨١٥ سکاڵا تۆمار کراون.

بۆ ساڵی ٢٠٢٠ کوشتن نەبوە، خۆکوشتن ١ حاڵەت هەبوە و خۆسوتاندن نەبووە بەڵام توندوتیژی سێکسی ١ حاڵەت بونی هەبووە و سکاڵا ٦٨٧ تۆمارکراوە.

هەرچەندە ساڵی ٢٠٢٠ بەراورد بە ساڵی ٢٠١٩ و ساڵانی پێشوو ئامارەکانی توندوتیژی کەمتر بووە و ڕێژەی سکاڵا کەمترە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە توندوتیژی کەمی کردبێت، بەڵکو هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمساڵ بە هۆی هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و نەبونی دەوامەوە ڕێژەی سکاڵا کەمیکردوە نەک کەمبونەوەی کێشەکان. لە لایەکی تریشەوە چالاکی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەمساڵ لەلایەن چالاکوان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتانەوە بەهۆی کۆرۆناو قەیرانی داراییەوە کەمیکردووە و نەیانتوانیوە ئامانجەکانی خۆیان بپێکن و ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی جێهێشتووە. هەروەها یەکێکی تر لەهۆکارەکانی کەمی ئامارەکان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئافرەتانی گەرمیان نەگەیشتونەتە ئاستی ڕۆشنبیرییەکی وا کە لەکاتی بونی توندوتیژی پەنا بۆرێکخراوەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی ببەن. بۆیە زۆرجار بێدەنگی هەڵدەبژێر و هەندێجار کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە وەک ئەوەی کە بەداخەوە ئەم ماوەیە ڕوویدا ئەویش کوشتنی ئافرەتێک بوو لە لایەن سێ براکەیەوە بە بیانوی پاراستنی شەرەف !

یەکێکی ترلە هۆکارەکانی بونی توندوتیژی لە گەرمیان ئەوەیە کە زۆر پابەندی بیروباوەڕە هەڵەکانن کە لەرێی دابونەریتەوە دروست بوە تاوەکو ئێستاش ئەو حاڵەتانە ماوە کە ئەگەر بزانرێ کچ و کوڕێک پەیوەندی خۆشەویستیان هەیە ئەگەر دواتر کورەکە بێتە خوازبێنی کچەکەش زۆربەی کات لەلایەن کەسوکارییەوە ڕێگری لەو هاوسەرگیرییە دەکرێت. هۆکاری سەرەکی توندوتیژی دژی ئافرەتان پەیوەندییە کۆمەڵاییەتیە چەقبەستووەکانن کەهەر لە کۆنەوە تا ئێستا بەو شێوەیە هاتوون، هەرچەندە ئەوەی تێبینی دەکرێت ساڵ لە دوای سال بەهۆی پێگەشتنی نەوەیەکی ڕۆشنیرەوە تاڕادەیەکی باش توندوتیژییەکان بەرەو کاڵبوونەوە ئەچن، بەڵام وەکو حاڵەتیش هەربونی هەیە .

یەکێکی تر لەهۆکارەکان ترسی ئافرەتانە لە کۆمەڵگە بۆیە زۆر جارئامادەن ئەو توندوتیژیانەی بەرانبەریان ئەکرێت پەردەپۆش بکەن، بۆیە بەداخەوە هەنێکات کارەساتی دڵتەزێنی وەک کوشتنی لێدەکەوێتەوە. هەروەها هەڵە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا ئەویش هۆکارێکی تری زیادبوونی کێشەکانە و لەکۆتاییشدا دەبێتەهۆی زۆربونی ڕێژەی توندوتیژی. ئێمە وەکو یەکێتی ئافرەتان لە هەوڵی بەردەوامین بۆکردنەوەی کۆرسی ڕۆشنبیری تایبەت بەئافرەتان و خێزان بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاو کەمکرنەوەی مەترسیەکانی هەڵە بەکارهێنانی لەلایەن ئافرەتان و گەنجانەوە.

مەرزیە خەلیل

ژمارە (٣٣٨٦) ٢٠٢٠/١٢/٩
هەولێر

لەیادی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ئافرەت و ئاشتی



سنەوبەر سابیر

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە دامەزراندنیەوە هەمیشە کاری لەسەر پاراستنی ئاشتی و ئاشتەوایی کردوە و کردویتیە یەکێک لەبەرنامەکانی و جەختی لەسەر کردۆتەوە ئەمەش لە سۆنگەی گرنگی رۆڵی ئافرەتە لە بەدەستهێنانی ئاشتی و پاراستنی ئاشتی نێو خێزان و کۆمەڵگە. ئافرەتانی کوردستان هەروەک چۆن هەریەکەیان هەوڵی سەقامگیری خێزان و هەبوونی ئاشتی و ئارامی نێو تاکەکانی خێزان دەدات هەربەوشێوەیە گرینگە رۆڵی هەبێ لە پاراستن و بەرەوپێشبردنی ئاشتی نێو ماڵە گەورەکەی کە کوردستانە.

ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەولەتی لە بڕیاری ژمارە (١٣٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٠ باسی گرینگی رۆڵی ئافرەت و بەشداری کردنی لە پاراستنی ئاشتی جیهان و بینینی رۆڵی ئافرەتان دەکات لە کەمکردنەوەی توندوتیژی ئەویش بە بەشداریکردن و بینینی دەوری خۆی و هەماهەنگیکردنی لەگەڵ (هێزی پاراستنی ئاشتی) جیهانی (قوات حفظ السلام) بۆ زیتر پارێزگاریکردن لە مافەکانی ئافرەتان و دوورخستنەوەیان لە توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانیان. ئێستا کە نزیکەی (٢٠)ساڵ تێ دەپەرێ بەسەر ئەو یاسایە، یاسای ژمارە (١٣٢٥) ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەولەتی و رێکخراوەکانی UN و مونەزەمە جیهانیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ (ئافرەتان و خێزان) ئەرکەکانیان فراوانتر کردووە لە روانگەی هەستکردن بەرۆڵی گرنگی ئافرەت لە بە دەستهێنانی ئاشتی و سەقامگیری پێکەوە ژیان لە جیهاندا، هەربۆیە دەبینیرێ لەسەر ئاستی جیهان رێکخراو و کەسایەتیە دیارەکانی ئافرەت لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بەدەستهێنانی پێگەی شیاو بە ئافرەت و هەبوونی لە شوێنی بڕیار و بەرچاو تا زیاتر کاریگەری و فشاریان هەبێ لە بەدەستهێنانی مافەکانی ئافرەتان و پاراستنی کەسایەتی، هەبوونی رۆڵی زیاتر تا کاریگەری هەبێ لەسەر بڕیار و بەدەستهێنانی مافەکانی خێزان و سەقامگیرکردنی ئاشتی و کەلتوری پێکەوە ژیان، وەستانەوەی دژی جەنگ و کوشتن و کەمکردنەوەی توندوتیژی بە شێوەیەکی گشتی. بەڵام پێویستە هەوڵەکانی زیاتر و چڕتر بکرێتەوە لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتان گرنگی زیاتری پێ بدرێ چونکە پێگەی ئافرەت و شێوازی ژیان و ئاستی هۆشیاری کاریگەری هەیە لەسەر خێزان و کۆمەڵگا، هەرچەندە ئەم کاریگەری و پێدانی مافەکانی لە وڵات بۆ وڵاتانی تر دەگۆڕێ بە پێی دابونەریت و یاسا و مافە دەستورییەکان، بەڵام لەکۆتایدا هەمووی لە خاڵی جەوهەری یەکدەگرنەوە ئەویش گرنگی رۆڵی ئافرەتانە لەنێو کۆمەڵگە.

لە کوردستان ساڵانێکە ئافرەتان لە هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانیانن تا رادەیەکی باش پێشکەوتن بەڵام پێویستە هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆسیەیە بکرێ بەشێوەیەک کە بارودۆخی لەگەڵ ناوچەکە و هەرێم بگونجێ چونکە هەرێمەکەمان پێی ناوەتە قۆناغی دیکە و ئافرەتان تێدا خەباتیان کردووە و قوربانی زۆریانداوە هەربۆیە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ئەم سەردەمە و گرنگیدانی زیاتر بە ئافرەتان و داخوازیەکانیان دوور لە توندوتیژی فکری و مەزهەبی سەرەرایی جیاوازیە فکری و ئایدۆلۆژییەکان و هەبوونی جیاوازیەکان و جیاوازی ئینتیمایی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگایە کە مافەکانی ئافرەتان پێشێل نەکات و رووبەرووی توندوتیژی نەبێتەوە. ئەرکی دەسەڵاتدارانە کە پێگەی ئافرەتان و گرنگی رۆڵیان لە بەرچاو بگرێ بە شێوازێکی شارستانیانە، بە یاسا ماف و ئەرکەکانیان رێکبخات، ئەرکی سەرشانیانە ئافرەتان کە هەوڵی زیاتر بدەن بۆ دابینکردنی مافەکانیان و بەرچاوخستنی رۆڵی گرنگی ئافرەتان لە نێو خێزان و کۆمەڵگە زیاتر بخەنە روو. بەشداری کاریگەرمان هەبێ بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی خاوەن پێگەن چ لە رێکخراوەکانی ئافرەتان یان لایەنە سیاسی و ئیدارە و دەسەڵات دەکرێ هەوڵەکانیان چڕتر بکەن دوور لە ئایدیای حزبی و جیاوازی راکان و بیروبۆچوونەکان هەوڵی زیاتر بدەن کە ئافرەتان لە هەرێمەکەمان زیاتر گرنگییان پێ بدرێ و مافەکانیان پارێزراو تربێت لەبەرئەوەی ئافرەتان قوربانی زیاتر دەدەن لە هەموو بارودۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، ئافرەتان دەبنە قوربانی خراپی باری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بە پلەی یەکەم کاریگەری لەسەر ئافرەتان دەبێ و بەپێچەوانەشەوە باشی بژێوی و ئاستی ئابوری و خۆشگوزەرانی و سەقامگیری سیاسی و و ئارامی وا دەکات ئافرەتان رۆڵی زیاتر یان هەبێ لەسەر خێزان و کۆمەڵگە و دەبنە فاکتەری گرنگ بۆ پاراستنی ئارامی و ئاشتی لە کۆمەڵگە.

بەرپرسیارێتی دامەزراوەکانی تایبەت بە پرسی ئافرەتان و رۆڵیان لە کەمکردنەوەی توندوتیژی لە سۆران

توندوتێژی دیاردەیەکە کە دەتوانین بڵێین سنوری نیە و ڕێژەکەی لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت. سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و ماندبوونەی بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و رێکخراوەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ هۆشیارکردنەوە و داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان دەیکەن هێشتا وەک پێویست بوون و رۆڵی ڕەگەزی مێینە بەشێوەیەکی بەرچاو لەکۆمەڵگە نابینرێت و یەکسانی نەهاتۆتەدی.

سەبارەت بە توندوتیژی لە سنوری سۆران، موقەدەم سالار تەحسین ئاماژە بەوە دەکات کە توندوتیژی بەگشتی لە ماوەی ١٠ی مانگی ساڵی ٢٠١٩، بەراوورد بە ئامارەکان ئەمساڵ دابەزیوە.

دەوترێت ڤایرۆسی کۆرۆنا و دەرئەنجامی کەرەنتینە هۆکاربووە کە توندوتێژی کەم بێتەوە، موقەدەم سالار دەڵێت: بەڵێ دەتوانین وا لێکدانەوەی بۆ بکەین، بەڵام هۆکاری سەرەکی دەگەرێنمەوە بۆ گەرموگوڕی خێزان، چونکە بیرهێنانەوەی ئەو ڕاستیە لەناو سەرجەم خێزانەکان ئەوە بووە کە هزر و هەستی مرۆڤایەتی لەو خاڵە کۆکرابووە کە خێزانێکیان هەیە کە دەبێت لەگەڵیان کات بەسەربەرن، ئەم ڤایرۆسە وایکرد لە ماڵەکانی خۆیان کە تاکە شوێنە خێزان کۆبکرێتەوە و تەواوی کاتەکانیان بەیەکەوە بەسەر ببەن و ئارەزومەندانە لە کەشی خێزانیان پێکەوەبن.

کاریگەری هەڵمەتی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتێژی دژ بە ئافرەتان لە سنوری سۆران چەند هۆکار بووە بۆ کەمکردنەوەی توندوتێژی لەم سنورە لە کاتێکدا کوشتن و خۆسوتاندن و جیابوونەوە روو لە زیادبوون بووە، لەم بارەوە موقەدەم سالار بۆچونی وایە کە بەڵێ راستە بەوجۆرەیە بەڵام ئەی ئەگەر دەزگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی نەبوایە چیدکە روویەدا بۆیە هەبوونی ئەم دەزگایە وایکردووە کە پیاوان بترسن هەرەشە لە ئافرەتان نەکەن و بترسن دەزگایەک هەیە کە ئافرەتان داوای مافی خۆیانی لێ بکەن بۆ هەر توندوتیژیەک بۆ بەرگریکردنیان.

کوشتن لەسەر شەرەف پێشتر زۆر بووە بەڵام ئێستا کەمبووەتەوە، لە هیچ شوێنێکی کوردستان نییە کە لەکاتی ڕوودانی ئەم کارەساتانە، کەیسەکە تۆمار نەکرێت و بەدواداچونی بۆ نەکرێت و تاوانبار دەستگیر نەکرێت ئەمە ئەو ترسەیە کە چەند ساڵانێکە وا لە پیاو دەکات سڵ بکەنەوە لە کوشتنی ئافرەتان، تەنیا لەساڵانی (٢٠١٥- ٢٠١٩)نزیکەی (٤٠٠٠) چوار هەزار ئافرەت لەماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەرەشەلێکراو واتە شەلتەر داڵدە دراون. سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی کە لە پارێزگا و قەزا و ناوچەکان هەیە ڕۆژانە لە خزمەتی ئەو ئافرەت و خێزانانەدایە کە هەرەشەیان لەسەرە و کێشەیان هەیە و توانراوە لەرێگەی گفتوگۆ و دیالۆگەوە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی و یاساییەکان کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەن. هێڵی گەرمی (١١٩) کە لە کوردستاندا هەیە ڕۆژانە بە ٢٤کاژێر نزیکەی ٥٠هێڵی پەیوەندی هەیە کە بەدواداچوون بۆ سکاڵای ئافرەتان دەکرێت کە هەرەشەیان لیدەکرێت، ئەم هەموو سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی و نوسینەگەکانی توندوتیژی، ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەرەشە لێکراو بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت ئەمانە هەموو بوونەتە هۆکاریک مافی ئافرەتان زیاتر کرابێت و توندوتیژی کەمتربێت.

هەڵمەتی ١٦ رۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە کام شوێن و وڵات بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کاریگەریی هەیە، لەم رووەوە موقەدەم سالار تەحسین دەڵێت: شاندێکی پەرلەمانی بەغدا سەردانییان کردین بۆئەوەی سوود لەو مادده و برگانەی ناو یاسای توندوتیژی خێزانی لە کوردستاندا هەیە وەربگرن و هەوڵبدەن لە پەرلەمانی بەغدا بکرێتە یاسا. کاتێک دیراسەیانکرد بینییان کوردستان و عێراق جیاوازی زۆریان هەیە، لە عیراق شتێک نیە بەناوی شەڵتەرو شتێک بەناوی پاراستنی مافی ئافرەت و یاسایەک بۆ توندوتیژی خێزانی نییە، هەروەها لە هەموو وڵاتانی عەرەبی تەنیا مەغریب و لوبنان یاسای توندوتیژی خێزانی هەیە. لە بەغدا فرەژنی هەیە هەتا ئێستا لە عێراق بەدواچوون بۆ کێشەکانی ئافرەتان ناکرێت، بەڵام لە کوردستان بە پێچەوانەوە ساڵانە بە بۆنەوەی هەڵمەتی نیشتمانی سەرۆکی هەرێم وحکومەت پەیامی بۆ ئافرەتانی کوردستان و جیهان هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٩ لە زانکۆیی ئۆپسالا لە وڵاتی سوید وەزیری یەکسانی و مافی مرۆڤی سویدی لەبەرامبەر ٢٧ وڵاتی نوێنەری وڵاتانی عەرەبی ووتی بەرێز نێچیرڤانی بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی حکۆمەت بوو، ژن پارێزترین سەرکردەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەمیشە و بەتایبەتی لە سنوری سۆران کار بۆ وەستان لە توندوتیژی ئافرەت دەکەین لەگەڵ گشت ئەو رێکخراو و چالاکوانانەی کە کار بۆ ئافرەتان دەکەن کاریگەری ئەرێنی خۆیان هەبووە لە کەمکردنەوەی توندوتیژی ئافرەتان و خێزان.

نازەنین عزیز بەرپرسی ئەنجومەنی سۆرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان باس لە ڕۆڵی ئافرەت دەکات دەڵێت: بەدرێژایی مێژوو ئافرەتان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبوە لە بونیادنانی خێزان و کۆمەڵگەییەکی سەرکەوتوو بەڵام زۆرجار ئەم ڕەگەزە رووبەرووی کۆمەڵێک ئاستەنگ و ڕێگری و توندوتیژی بونەتەوە. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پاڵپشتێکی گەورەی ئافرەتانە وە هەر ئەنجومەنێک لەسنوری کارکردنی خۆی کۆمەڵێک چالاکی مەیدانی لەخۆدەگرێت بەپێی ویست و پێویستی ئافرەتان لەو سنورە. ئەنجومەنی سۆران ڕۆڵی هەبوە لەو چالاکیانەی کە دەبنە مایەی زیادبوونی توانستەکانی ئافرەتان و زیادکردنی زانیاری زیاتر لە هەمبەر پاراستنی مافەکانیان، کاریکردوە بۆ دەستەبەری مافە ژینگەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و خێزانی ئافرەتان. گرنگیداوە بەو ئافرەتانەی کە بەهرەیەکیان هەیە بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا ببن بە خاوەنکارو پیشەی خۆیان، وە کارکردن دژی کوشتنی ئافرەتان جا لە ژێر هەرناو و بیانوییێک بێ. هۆشیارکردنەوەی ئافرەتانمان لەناسینی مافیان بەشێوەی سیمینارو نامیلکە و ئەنجامدانی چەندین سیمینار لەسەر توندوتیژی جەستەیی، دەرونی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئاوردانەوە لە مەسەلەی ئافرەتان بە شێوەیەکی گشتی ئەرک و خەباتی ئێمەیە.

پەری نجیم

یێکەتیا ئافرەتان و ڕولێ وێ دپێگەهاندنا ئافرەتێ دا

شەیما مستەفا

هەر ژ دامەزراندنا ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ ل سالا ١٩٥٢ پیخەمەت پێگەهاندنێ ئافرەتا کورد د سەرجەم بوارێن سیاسی و ئابوری و کەلتوری و ڕێڤەبرنێ دا ل سەر دەستێ مستەفا بارزانی. ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ هەر ژ دامەزراندنا خوە بوویە پێگەهەک ب هێز ل کوردستانا باشور و تایبەت د سەردەمێ شورەشێ دا ئافرەتا کورد پشتەڤانیەکا بهێز ل پێشمەرگەیی کریە.

هەروەسا ڕولەکێ بەرچاڤ هەبوویە د هوشیار کرنا ئافرەتا کورد دا، سەرەڕای بەرەڤانی کرنا مافێن گەلێ کورد، دیسان ئافرەتا کورد ب ڕێکا ڤێ ئێکەتیێ شیایە خوە پێ گەهینت و دەنگێ ئافرەتا کورد بگەهینیت جیهانێ و ڕایا گشتی ئانکو دەنگێ ئافرەتا کورد ژ سنوران بەزاند و گەهاندە جیهانا دەرڤە. ئافرەت د ناڤ ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ دا شیا ببیتە سەرکردە و د شیاندایە بێژین ئەڤ ئێکەتیە بوویە ڤوتابخانەیەک و تا نوکە چەندین ئافرەتێن نموونە و سەرکردە ژ ڤێ ڕێکخراوێ دەرکەفتینە و تا ڕوژا مە ژی بەرەودامن ل سەر بەرەڤانی کرنا مافێن ئافرەتێ. پاراستنا دوزا ئافرەتێ ژ لایێ ڤێ ڕێکخراوێ ڤە بوویە ئەگەرێ وێ چەندێ چەندین ئاریشە بهێنە چارەسەر کرن و د گەلەک بوارێن جڤاکی و ڕەوشەنبیری و کەلتوری شیایە ببیتە ڕێکخراوەکا نموونە ل سەر ئاستێ هەرێما کوردستان و ئێراقێ. نە خاسمە د بوارێ پاراستنا مافێن ئافرەتێ یێن ڕەوا و نەهێلانا دیاردا توندوتیژیێ کو ب خەبات و کارێن ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ ئەڤ دیاردە تا ڕادەیەکێ بەرچاڤ کێم ببیت.

ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ د ڕوژا مە ژی هەولێن جدی ددت پیخەمەت دەست ڤە ئینانا مافێن ئافرەتا کورد د هەر بوارەکی دا، بەلگە بو ڤێ چەندێ ژی ئەوە د ڕوژا مە دا د سەرجەم بوارێن ژیانێ دا خەبات و شین تبلێن ئافرەتا کورد بەرچاڤن، د ڕوژا مە دا ڕێکخراو و ڤەلڤینێن ئافرەتان ڕولێ خوە پتر دبینن و ل سەر ئاستێ جیهانێ پتر گرنگی پێ دهێتە دان ژ جاران، ل هەرێما کوردستانێ ژی ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ شیایە ب ڕێژەیەکا ئێکجار بەرچاڤ گەلەک پرسا بگەهینیت چارەسەریێ و هەول ددت سنورێن دەستکرد ئەوێن هاتین دانان بەرامبەر ئافرەتێ ب بەزینت.

زێرەڤان تەمو جالاکڤانێ مەدەنی:

کەرتێ پەروەردێ ڕولێ خو بگێریت و گرنگیەکا باش ب دادپەروەری، یەکسانی، مافێ مروڤی و ڕێزگرتنێ بدەت

٢٥ نۆڤەمبەرێ ل جیهانێ ب ڕۆژا بەرهنگاریا توندوتیژیا هەمبەر ژنان هاتییە دەست نیشانکرن ژبال نەتەوێن هەڤگرتی ڤە، ب بریارا هەژمارە (٥٤ /١٣٤) و ئەڤ گاڤە ژی پشتی وێ رویدانێ دهێت کو دڤێ رۆژێ دا ل کومارا دۆمینیکان ل سالا ١٩٦٠ ژبال حوکمداریا سەربازی یا دیکتاتوریا ڤێ کومارێ ٣ خوشک ب ناڤێن (پاتریا، مینیرفا، ماریا تیریزا میرابال) پشتی دهێنە رەڤاندن و دەست درێژیا سێکسی دگەل وان تێتەکرن ب رەنگەکێ دراندانە دهێنە ئەشکەنجەدان و پاشرا ژی دهێنە کوشتن.

زێرەڤان تەمو جالاکڤانێ مەدەنی د ڕۆژا جیهانیا بەرهەنگاربوونا توندوتیژیا دژی ئافرەتان دبێژیت: پشتی ڤێ کارڤەدانێ ل سەرانسەری جیهانێ سالانە لڤێ ڕۆژێ بزاڤێن جورا و جور مینا سمینار و خۆپیشاندان و نەرازیبوون لدۆر (بەرهنگاربوونا توندوتیژیا خێزانێ، پرسا یەکسانیێ، فرە ژنی، هەرەشەکرن و بریندارکرن و بازرگانی کرن ب گیانێ ژنێ، ب شوو دانا زارۆیان، نەچارکرنا ژنێ ب خۆ سوتاندنێ و خەندقاندنێ و شکاندن و بریندارکرنا هەستێ ژنێ . هتد)دهێنە لدارخستن .

گوت ژی: ئاشکرایە ژی سەرباری وێ ئێکێ کو ل جڤاک و کومەلگەهێ مەیێ کوردی ژنێ ڕێز و روومەتیا خۆ هەیە هەردەم تەمام کەرێن هەڤدوو بوینە دگەل زەلامی لێ دڤێت پتر گیانێ ڕێزگرتن و لێبوورین و هەڤدو قەبولکرنێ ل جەم تاکێن جڤاکی بهێز بیت، هەروەها ڕێک ل توندی و تونکارییێن ل هەمبەر خێزانێ ب هەمی ئاوایان بهێنەگرتن .

زێدەتر گۆت ژی: کو دیارە توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتا کورد ب درێژاهیا دیروکێ هەبوویە و هەتا گەهشتییە قوناغا ئەنفالان دیسان هاتنا داعش گەلەک توندوتیژی بەرامبەر ژنێن ئێزدی و دەشتا نەینەوا هاتەکرن و کرین و فروتن و زۆریا سکسی لگەل هاتەکرن، ئاشکرا یە ژی سالانە ژبال حکومەتا هەرێما کوردستانێ هەوا نشتیمانیا بەرهنگاربوونا توندوتیژیا دژی ژنان بۆ دەمێ چەند هەڤتیان تێتە راگەهاندن.

ناڤبرێ دا دیارکرن: ئەگەر وەکو ئاماژە یەک گرنگترین وان خالان بدەینە خویاکرن کو زەلام توندوتیژیێ ل هەمبەر ژنێ بکار تینن ب دیتنا من بۆ ڤان خالان ڤەدگەرێت ئەو ژی:

- نزمیا ئاستێ خوندنێ و تێگەهێ ئایینی.
- قەیرانا ئابووری و کێم بوونا داهاتی .
- زۆریا تاکێن خێزانی و بێکاری .
- جیاوازیا مالباتا ئافرەتێ و زەلامی ئەڤجا ئەڤ جوداهییە یا جڤاکی بیت یان ئابووری یان ژی جهێ کارکرنێ .
- هەبوونا گرفتان ل پەیوەندییێن هەڤژینیێ دا دناڤبەرا ژن و زەلامان .
- بریاردانا تاک ئالیانە دناڤبەرا زەلام و ئافرەتێ لدۆر پرسێن مال.
- زۆریا یاسا یێن ولاتێن پاشکەڤتی .
- داب و نەریتان ژی رولێ خۆیێ نەرێنی گێرایە .
- ب کارئینانا ئامێرێن پەیوەندیکرنێ و تورێن جڤاکی و ب رەنگەکێ نەباش.

و دوماهیێ گوت: لەوما ب فەر دبینم کو کەرتێ پەروەردێ رولێ خو بگێریت و گورانکاریان د سیستەمێ خودا بکەت و گرنگیەکا باش ب دادپەروەری و یەکسانی و مافێ مروڤی و ڕێزگرتنێ بدەت، هەروەها ماموستاییێن بەرێزێن ئایینی و گوتاربێژ رولێ خۆ بگێرن دڤی بیاڤی دا، هەروەها ب ئێکجاری چەک بهێتە قەدەغەکرن بۆ کەسێن سڤیل، چاڤدێریا تورێن جڤاکی بهێتەکرن و پوستێن هاندانا توندوتیژیێ ب هەمی رەنگان بهێنە قەدەغەکرن و ڕێکخراوێن جڤاکێ سڤیل و ئافرەتان پتر و ئەکتیڤتر کاربکەن، هەروەها کوشتنا ژنێ لژێر هەر ئەگەرەکێ بیت دڤێت بکوژ بهێتە سزادان و ئەو تاوان وەکو هەمی تاوانێن کوشتنێ بهێتەدانان و گەلەک جاران دهندەک بوارندا پشتی ژن دهێتە کوشتن ب ئەگەرێ پێک هاتنا هوزایەتی (سولحا عەشایری) تاوانبار دهێتە ئازادکرن دڤان جورە بوارندا یاسا بتنێ دروشم دمینیت، سەرباری کو هەژمارەکا یاسایان هاتینە دەرئێخستن بۆ بەرژەوەندیا ژنێ لێ دڤێت هژمارەک ژ وان یاسایان ژی بهێنە راست ڤەکرن بۆ بەرژەوەندا ئافرەتێ و پاراستنا کەسایەتی و ماف و رولداریا وێ دنێڤ جڤاک و گەلێ خۆدا .

جیهان حجی- ئاکرێ

ئافرەت و بەدەستهێنانی مافەکانی

لانە محەمەد حافز

مرۆڤ بەرزترین و پیرۆزترین بونەوەرە لەسەر زەمین، لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێکدێت، پێویستە هەردوو ڕەگەز هۆشیارو ئاشنا بکرێن بە ئەرک و مافەکانیان لەپێناو کۆمەڵگەیەکی دروست و تەندروست بەجۆرێک کە ناداپەروەری نەکرێت لەپێدانی ئەرک و مافەکان بۆئەوەی کۆمەڵگە بە هاوسەنکی بمێنیتەوەو تاکی هۆشیار پەروەردەو بەرهەم بهێنرێت کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە خێزان و کۆمەڵگە.

هەر کۆمەڵگایەک لەهەرقۆناغێکدا کەلتورێکی تایبەتی خۆی هەیە بەجۆرێک کە بەشێک لە بنەماو پرنسیپەکانی ئەو کەلتورە لای تاکەکانی کۆمەڵگا قبوڵکراوەو بەشێکیشی قبوڵکراو نیە .

ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرەتایی، دەبینین کە ئافرەت کاروبارەکانی بەڕێوەبردووە و لەو قۆناغەی مێژووی مرۆڤایەتیدا کە بە دایکسالاریی ناسراوە، دەبینین کە ئافرەت بڕیاردەر و هەڵسوڕێنەر بووە و چەرخی مێژووی بەرەوپێشبردووە بەتایبەتی لە دۆزینەوەو کاری کشتوکاڵدا، بەڵام دواتر بەهۆی پێویستی مرۆڤ بە ڕاوشکار پیاو دەسەڵاتی لە ئافرەت وەرگرتەوە و ناوە ناوە ئەم دەسەڵاتە بە پێی پێویستی قۆناغە مێژووییەکان لە نێوان ئافرەت و پیاودا ئاڵوگۆڕکراوە، بەڵام دواتر هێواش هێواش ڕۆڵی ئافرەت فەرامۆش کراوە و ئافرەتیش بۆخۆی نەیتوانیوە داکۆکی لە دەسەڵاتەکانی بکا .

کەواتە کار و ڕۆڵی ئافرەت لە بوژاندنەوەی کۆمەڵگە و ئابووری وولات هەر لەسەردەمی مرۆڤی نیاندەرتاڵەوە بەشێوەیەکی بەردەوام شانبەشانی پیاو خەریکی ڕاوکردن بووە و لەماڵەوەش ئەرکی خزمەتکردن و ڕێکخستنی ماڵ و گەورەکردنی منداڵی لەسەر بووە هەتا گەیشتن بەم سەردەمە بەردەوام ئافرەتان ڕۆڵیان هەبووە، ئافرەتی کوردیش هەمیشە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە کۆمەڵگە بەگشتی و شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان بەتایبەتی و لە بزافی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کوردا دوورەپەرێز نەبووە.

بەشداریکردنی هاوڵاتیان بە هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ لە پرسە گشتیەکان کە ڕووبەرووی کۆمەڵ دەبێتەوە خۆی لە خۆیدا شێوازێکە لە دەربڕینی دیموکراتیەت و بەشداری مێینەش پێویستیەکی دیموکراسیە، بێ بەشداریکردنی ئافرەتان مانای بەهەدەرچونی وزەو توانای فکری و سەرمایەی بەشێک لە کۆمەڵگایە، چونکە ڕەگەزی مێنەش دەتوانێت سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانە و هەموو کارێک بە بەرهەم و هزری نوێ ئەنجامبدات گەر بوار و هەلی بۆ بڕەخسێت.

گەر بەدیاری کراویش باس لە سەرکردایەتی بکەین، لە کۆمەڵگای ئێمەدا باسکردن لە سەرکردە تەنها لە سیاسەتدا چڕکراوەتەوە، لەکاتێکدا دەشێت سەرکردە لەبوارە جۆربەجۆرەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردە و کارگێڕی و هەموو کایەکانی ژیاندا پەیڕەو بکرێت، ئەمە وێڕای ئەوەی سەرکردایەتیکردنی کۆمە بەشێوەیەکی گشتی کراوەتە موڵکی پیاوان و تەنانەت تەنها بەکاری ئەوانیش دادەنرێت، لەکاتێکدا زانستەکان ئەوەیان سەلماندوە کە جیاوازی جێندەری هیچ بوونی نیە لەسەرکردایەتی کردندا، بۆیە ئەو کاتەی باس لە ئافرەتی سەرکردە دەکرێت دووچاری بەرهەڵستی و هەڵوێستە زۆر دەبێتەوە، لەکاتێکدا ئەگەر پێناسەی (سەرکردە) بکەین هونەرێکە لە ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵ دروست دەکات بۆ سەرلەنوێ دروست کردنەوەی تاک و کۆمەڵ کە دەتوانێت ڕەفتارو هەڵسوکەوتی خەڵک بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاڕاستە بکات و ئامادەکردنیان بۆ بەرژەوەندی گشتی و گەشە پێکردنی وولاتەکەیان .

بەیاننامەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ٦٨ ساڵەی دامەزراندنیدا

جەماوەری کوردستان، ئافرەتانی خۆشەویست:

٦٨ ساڵ لەمەوپێش و لە ١٩٥٢/١٢/١١ لە هەلومەرجێکی سەخت و ناهەموار لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی بە فەرمانی ڕابەری شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان (بارزانی نەمر) و لەژێر سایەی (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا بە هەوڵ و کۆششی دەستەیەک لە ئافرەتانی ئازا و ئازاد (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان)دامەزرا و بوو بە پێشەنگ و بناخەی بزووتنەوەی ئافرەتان لە کوردستان. دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە و تێکەڵکردنی پرسی ئازادی ئافرەت بە پرسی ڕزگاری نیشتمانی؛ پێویستییەکی مێژوویی بوو بۆ کامڵکردنی ئەو بزاڤە و نەخشەڕێژکردنی وەک بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی مرۆڤدۆست؛ وەک میراتی بیری دادپەروەری و یەکسانی ڕەسەنی کوردایەتی دژ بە سیاسەتی شۆڤێنی و سەپاندنی کولتوری پیاوسالاری. لەو دەمەوە تا کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و ڕێکەوتننامەی یانزەی ئازار؛ یەکێتی ئافرەتان ڕۆڵێکی کاریگەری لە گەشەپێدانی هزری نەتەوەیی، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە بارەی ئامانجەکانی شۆڕش، هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان بە ماف و ئەرکەکانیان، هەبووە. هەروەها فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ بەشداری ڕاستەوخۆی ئافرەت لە شۆڕش.

(یەکێتی ئافرەتانی کوردستان)، پێ بەپێ لەگەڵ هەموو قۆناخەکانی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان پارێزگاری لە ئامادەیی ئافرەت لەو بزاڤەدا کردووە. ڕاپەڕینی شکۆداری گەلی کوردستان وێستگەی گۆڕانکاری بوو بۆ ڕێکخراوەکە لە شێوازی خەبات و ئامانج و میکانیزمی کار، لەو قۆناخەدا یەکێتی ئافرەتان هاتەوە نێو نیشتمان و تێکۆشا بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی سیاسەتی ڕژێمی بەعسی شۆڤێنی لەسەر باری کۆمەڵایەتی کوردستان و گرتنەبەری خەباتی مەدەنی لە پێناو بەشداری ئافرەت لە دامەزراوە سیاسی و یاسایی و کارگێڕییەکان و هەمواری ئەو مادده یاساییانەی دژ بە مافەکانی ئافرەت بوون و ڕەوایەتییان بە کوشتنی ئافرەت دەدا لەژێر پاساو و بنەمای نامرۆڤانە و نالۆژیکی. بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی یەکێتی ئافرەتان و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ئافرەتان بە گشتی و سەرجەم دەنگە مرۆڤدۆست و ئازادیخوازەکان؛ وەرچەرخانێکی گەورە لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتوری بەدیهاتوون و ئافرەت ئامادەییەکی بەرچاوی لە گشت جومگەکانی ژیان هەیە؛ هەرچەند ئەوەی بەدەستهاتووە تەنها بەشێکە لە خواست و داواکارییەکانمان و هەرگیز هاوئاست نییە بە ڕێژە و توانا و لێهاتوویی ئافرەت، بەڵام دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین؛ دەسکەوتی مەزن بەدەستهاتوون و هەنگاوی زۆرمان بڕیوە و تەوقی داب و نەریتی کۆنەپارێزمان شکاندووە.

یەکێتی ئافرەتان؛ لە دوایین کۆنگرەی خۆیدا دروشمی (هاودەرفەتی، هاوبەشی و هاوسەنگی) کردووەتە ڕێنمای تێکۆشانی و بڕوای تەواوی بەوە هەیە؛ کە ئەگەر دەرفەت بڕەخسێ لە ژینگە و ئامرازەکانی پەروردە و پێگەیاندن؛ ئافرەت توانای داهێنان و سەرکەوتنی ئەگەر لە ڕەگەزی بەرامبەر زیاتر نەبێت، بێگومان کەمتر نییە!، بە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان؛ هاوبەشی لە ئەرک و ماف و بەرپرسیاریەتی؛ دواتریش هاوسەنگی و هاوبەهایی بەدی دێ. هاوکات تواناسازی ئافرەتی کردووەتە ئامانجی سەرەکی و لە سۆنگەی ڕێکخراو؛ پێگە و هەلومەرجی ئافرەت؛ پێودانگی، ئەو ئاستی پێشکەوتن و شارستانیبوونەیە کە کۆمەڵگە پێی دەگات. هەر کۆمەڵگە و وڵاتێک بەشداری هاوتا و هەمەبوار و هەمەئاست بۆ ئافرەت نەڕەخسێنێ، کۆمەڵگەیەکی بەجێماوە لە ڕەوتی پێشکەوتن. تواناسازی وەک پرۆسەیەک بۆ بەهێزکردنی ئافرەت، شاڕێی گەیشتنە بە یەکسانی، هەربۆیە ڕێکخراوەکەمان تواناسازی ئافرەت وەک پێشمەرجێک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەبینێ.

یادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان لەمساڵدا هاوکاتە لەگەڵ بارودۆخێکی ناهەموار؛ بڕینی بەشە بودجە و لێکەوتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت؛ هەرێمی کوردستانی خستووەتە نێو بارودۆخێکی سەخت و بەشێکی زۆری ئاڵەنگارییەکانی ئەو بارودۆخەش لەسەر شانی ئافرەت کەوتووە. بە دڵنیاییەوە ڕێکخراوەکەی ئێمەش کاریگەرە بەو بارودۆخە. بەڵام لە سۆنگەی بڕوامان بە پرسی ئافرەت و پابەندیمان بە پرەنسیپەکانی کاری ڕێکخراوەییمان و وابەستەیی بێ سنوورمان بۆ نیشتمان؛ لە هەموو کات زیاتر پابەند و پێداگرین، هاوکات بە هەموو توانامان پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانین بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە و سەرکەوتن لەم هەورازە.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پشتیوان بە وتەی ڕابەری نەتەوەییمان سەرۆک بارزانی کە لە کۆنگرەی حەوتەمی ڕێکخراوەکەمان لە ساڵی ٢٠١٠ بە ئافرەتانی کوردستانی ڕاگەیاند: ((ئێوە شەڕ بۆئازادی و مافی خۆتان بکەن، بەڵێنتان پێدەدەین وەکو سەربازێک لەژێر بەرپرسیارێتیی ئێوەدا بین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانتان)) لە تیکۆشان بەردەوامە؛ تا گەیشتن بە تەواوی ئامانجەکانی بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پێشکەوتوو.

سڵاوی ڕێزو ستایش لە دایک و هاوسەرانی شەهیدانی کوردستان. سڵاوی یەکسانی لە گشت ئافرەتانی کوردستان و هاوبیرانمان لە پیاوانی یەکسانیخواز .سڵاو لە سەرجەم کادر و ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان؛ ئەوانەی بە درێژایی کاروانە پڕ سەروەرییەی ساڵانی خەبات، بەردەوامییان بە تێکۆشانی ئەم ڕێکخراوە داوە و ئەوانەش کە ئێستا ئاڵاکەیان لە دەستە. درود بۆ ڕۆحی هەموو ئافرەتە شەهیدەکانی ڕێگای ئازادی کوردستان و هەموو ئەو ئافرەتانەی بوون بە قوربانی نەریتی شەرەفپارێزی و هزری توندئاژۆ.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
٢٠٢٠ /١٢/١١

هزار داخوازی د نامەیێن هزار ئافرەتان دا

ب هەلکەفتا ١٦ روژیبا هەوا بەرهەنگاربونا توندو تیژیا دژی ئافرەتان و ل ژێر درو شمێ (دێ پێکڤە خێزانێ پارێزین) چەندین کارو چالاکی لسەرانسەری کوردستانێ دناف رێکخراوێن ئێکەتیا ئافرەتان سەر ب سکرتاریەتا ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ دهێنەکر .

ئەنجومەنێ دەروبەرێن دهوکێ ژی ئەف ساله پروژەیەک ب ناڤێ (١٠٠٠)هزار نامه دەستپێکریه و بوڤێ مەرەمێ خانم (چیمان کانیکی) بەرپرسا ئەنجومەنێ دەروبەرێن دهوکێ دبێژیت : ئەف پروژە ئێک ژ هزرێن مەبو وەک ئەنجومەن و مە پێشکێشی سکرتاریەتا ئافرەتان کر ودەست بکاری کر و مەدەستپێکێ ل هەموو قەزا و ناحییێن سەرب ئەنجومەنێ دەروبەرێن دهوک دەستپێکر و هەر گوندەکی چەند نمونەک مە وەرگرتن و دیسان هەموو ئەنجومەن دێ تێدا بەژداربن و نامە و داخوازی و پەیامێن ئافرەتان کوم کەن کۆ مەرەما بڤێ چەندێ ئەوە ئەم برێکا خوە پەیامێن وان بگەهینینە جهێن بلند پشتی کۆ ئەم دگەل لژنا خوەیا راوێژکاری ژی کاری بدوماهیک دئینین چونکه ئەو لژنەیە دێ بو ئاریشێن وان یێن پتر دیار دەست نیشان کەت و ب شێوازەکێ ئەکادیمی سەرەدەریی دگەل داخوازی و گلەیێن د وان نامادا هاتینه نڤیسین کەین و بهەماهەنگیا جهێن شولەژێ کاربو چارەسەرکرناوان داخوازی و ئاریشەیێن وان بکەین و هەولدەین پتر دەلیڤێن کاری ل دیف جوگرافیا دەڤەرا بهێتەدیتن، بخوەشحالی ڤە دەزگەهێ ژیان ژی دگەلمەیە بو هاریکاریا وان کەسێن ئاریشەیێن دەروونی هەین ئەو بێ بەرامبەر ب هەمی رێکێن چارەسەریێ خزمەتا وان بکەن.

ل دوماهیێ ژی چیمان خانێ گوت : هەرجهێ مەسەرەدانا وان کر زوور ب دلخوەشی پێشوازی ل پروژێ مەکریە و هەفکار ژی بوینە .

ئێک ژ ستافێ دەزگەهی خانم، شهلە یاسین، چارەسەر کارا دەروونی و سەرپەرشتیارا کاری ل دەزگەهێ ژیان کۆ باوەرناما بەکالوریوس وماستەر ب بەشێ دەروونناسی ل زانکویا دهوک وەرگرتیە و دەه ساله ل دەزگەهێ ژیان کاردکەت دبێژیت: لسەر چارەسەرییێن دەروونی بەشداری خولێن دەرڤەی وەلاتی بویمە و دەزگەهێ ژیان بو کاروبارێن کومەلایەتی و خزمەتێن پزیشکی و دەرونی و یاسا خزمەتێ بێ بەرامبەر دکەت و ئەو کەسێن شول دکەن بسپورێن جودا جودان ئەو کێشە دەرئەنجامێ گەلەک کێشەیانه وەک کارەسات و رویدانێن نەخوش یان کەس ببنه ئەگەرێ نەخوەشیا دەروونی بو وان سەرەدانا مەدکەن بێی جوداهیا ئول و نەتەوەی ئەم وەردگرین،

مه رونشتن/ مجلسه هەنه و هەمی بسپور بکارێ خوه رادبن بو چارەکرنا ئاریشەیێن وان دابشێن وەک پێتڤە چارەسەریا وان بکەین .

و ژسالا ٢٠٠٥ێ وەرە ئەف دەزگەهە کاردکەت و ل هەموو باژێرێن کوردستانێ و عیراقێ لسەر ئاستێ عیراقی ٩ سەنتەر مەهەنە و ئوفیسا سەرەکی یامە ل باژێرێ دهوکێ یە کو ژ ٢٠١١ێ وەرە ئوفیسا سەرەکی ل دهوکی هەیە .

کارو پروژێن مە دهەموو سالیادێن مافێ مروفی و ساخلەمیا دەرونی و ئاواران هەنە . نوکەژی ئەم دسالیادا ئێکەتیا ئافرەتان دا بەشدار و هەماهەنگین ب پروژێ ١٠٠٠ نامە .

کۆ بوڤان ١٦ روژێن پرتەقالی مە بریادایە ئەم دگەل ئەنجومەنێ دەوروبەرێن دهوک یێ ئافرەتان چالاکیێن خوەبکەین بو ئەف ساله و سوپاس بو ئەنجومەنێ ئافرەتان و ڤێ هەماهەنگیێ و یاپێتڤی بهێتەکرن بو ئافرەتاتێن دوروبەرێن دهوکێ و خوەشحالین دڤی پروژەی دا مەگەلەک سەرەدان کرن و ب مەرەما گەهاندنا دەنگی وان و هەبونا کومەلگەهەکا ساخلەم و جڤاکەکێ بەختەوەر .

رێژین نهێلی

بەسەرپەرشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
....
www.helinmedia.org

ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org

شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org